KURDISTAN NET كوردستان نێت

نامەیەك بۆ باوكمك كە هە والي مەرطي كۆرثەكەیان ثسأاطەیاندووە ... خالە حەمە

(((((((باوكي ديلمان)))))))

لەهەندەرانەوە هێندێی دووری ڕێگا تەمەندرێژی بۆ كۆرپەكەت دەخوازم و بەهیوام خوداوەند كاری گرانت بۆ ئاسان بكات.

بەرێزم من ڕێگەیەكت نیشان ئەدەم ئەگەر بەڕێزت بوێربیت ، كۆرپەكەشت لە شاڵاوی مەرگ ڕزگار دەكەیت ئەویش ئەوەیە كەڕۆژێك خۆت و خێزانت گەورەو بچوك روو بكەنە بەر دەرگای ئەو دوو خواپێداوە(بارزانی و تالەبانی) لەبەر دەرگاكەیانا كۆرپەكەت و ئەم نامەیە بەجێبهێڵە..

سلاوو ڕێزم بۆ ئەو سەركردەیەی بچوكترین ئەندامی كۆمەڵگاكەی خۆی لەبیر ناكات و لە كاتی تەنگانەو ڕۆژی ڕەشدا دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەكات ..

وە لەهەمانكاتدا ئەگەرمناڵەكانئ خۆتان تووشی ئەو دەردەكوشندەیە ببن بەسەدان كورد خوێنیان ئەداتی تا لە مەرگ ڕزگاریان بێت..

من ناڵێم ئێوە خوێن بدەن بەكورد دڵنیابن هەركورد خوێن ئەدات بەئێوە بەڵام ئێوە هەندێك چاوتان لە كوردەوە بێت تا ویژدانتان ڕۆژانەو شەوانە توشی دڵەڕاوكێتان نەكات و خەڵكی كوردیش لە بێدەرەتانیدا نەمرێت لەكۆتاییشدا ئەڵێم هەر ئەندامێكی كۆمەڵگای كوردی بمریت ئێوەش دەنگێكتان دەمرئ ئەگەر خۆتان بەسەركردەی كورد بزانن...

ئەم منداڵە پێش ئەوەی ڕۆژی مەرگی دیاریكراوی لەلایەن خوداوە بێت پزیشكان هەواڵی دڵ تەزێنی مەرگیان پئ داوە بەكەمئ لە سامانتان ڕزگاری بكەن با دەنگ بۆ خوا هەڵنەبڕین و لەهەردوولاتان زیزتربین،،دڵمان مەڕەنجێنن دڵی ئەو دایك و باوك و كۆرپەیەش مەڕەنجێنن باخواوەندلێتان نەرەنجیت....

بەڕێزان شەرمە بۆ دوو دەوڵەت منالێك لە بێدەرەتانیا بمرێت ڕوومان لە دەرگای ئیوە ناوە ئێوەش گەورەیی خۆتان دیاری بكەن ،سوپاس بۆخواوەندو ئەوانەی بەئازاری خەڵكی دەزانن من چاوەڕوانی وەرام دەكەم بەناونیشانی (ئیمێڵ)ەكەی خۆم ..

خاڵەحەمە /دانمارك xale@pc.dk

بەرێز كاك كامەران عزیز ئەحمەد ئەم نامەیە بگەیینە بە چاپ لە هەر ڕۆژنامەكدابیت (هاووڵاتی)باشترە خەڵكی زۆرتر دەیخوێنێتەوە لە گەڵ ڕێزمدا بۆ كارمەندانی ،

بەڕێزان ناوی ئەم منداڵە /دیلمان كامەران عزیز احمد // دانیشتوی شاری هەولیرە كە ئەو گەورەییەی بە بەرێزتان بەخشیوە هەروەها ئەگەر ماڵپەڕی كوردستان نێت بخوێندنەوە لەو بابەتەوە ئاگاداریتان زۆرتردەبێت